# هەڵبژێرێک
# لە شیعری محەمەد ساڵح دیلان



**گوربە**

خت خت خت خت
چاو مۆڕی مت
چاو زیتی گەڕ
وەک شمڵی شەڕ
دێی بۆ لەوەڕ
بۆ خواردنی کۆترەکانم
خت خت خت خت
چاو مۆڕی مت
مەشکە دڕە
سەر هەڵبڕە
سەربان پڕە
لە پاسکەری ماڵەکانم
***

ئەتەوێ نێـــچــیـــر کــۆتر بێ
دەســتــەمـۆ و مــاڵی و هۆگـر بێ
یـەکـــە یـەکـــە بیـــخنکێنی
پـەڕ و پـۆی لـە لـەش دەربـێـنـی
دەم و سمێڵ بە خوێن ڕەنگ کەی
وەک جاران پەنای بێ دەنگ کەی
ئـەمـــجـــارە کـــولانـەم بـەرزە
چەکم ســەد جـۆرە، ســەد تەرزە
تــۆش بـــڕۆ لاواز، دان لـــەقـــی
هەر وەک بێـشکەی شـڕو شـەقی

***

خـت بڕۆ بـۆ قـــــوژبن و چـاڵ
بۆ خـزمـەت مـووزەردی چاوکـاڵ
ئەوەی ناردووتی بۆ مـــووشــــە
خــۆی لە تۆ خــراپتــر تووشــە
بڕۆن هەردووکـــتـــان بەجـــووتە
مـــــــایەتـان پووچـەڵ و پووتـە

١٩٥٣ سلێمانی

## مامە کڕنوو

مــامــە کـڕنوو ڕاکـشـاوی گـردەکـەی سـەیوانەکـەم
سـەر ڕەحـەت، دڵ بێگرێ، گوێ شلکە بۆ داسـتـانەکەم

سـەیرە، بەزمــە، هەڵپـەڕینە، پڕ لە قـاقـا و خـەندەیە
نەعرەتەی گوێ کەڕ ئەکا، جۆش و کوڵی سەیرانـەکەم

ئەرخـــەوان ســـوورە، بەهـارە، گــوڵشـــەنە، ڕازاوەیـە
دەشت و کــێ ڕەنگین و پڕ شــۆیە وەنەوشــەی یانەکـەم

خـەرمــەنی لالە لە کـۆهسـاران و پێ دەشت و نشــێـو
ســوور ترە لـەو خــوێنە باریوەی کــوڵی گـریانەکــەم

دلبـەران سـرک و بـەناز و ڕەوتی نەرم و ئێسـتـەکـەی
سـەد توانج ئەگرێتە ئاهـووی دەشتـەکەی شێروانەکەم

هـەڵبـــڕە چاوی نومـــایش تێــر ســـەرنجی ورد بدە
وەک بەجێت هێشت وا نەمـاوە شـارەکەی جارانەکەم

ئەو بەهارەی تۆ بەجــێت هێــشت پڕ برینی تازە بوو
پڕ لە ئافـــاتی لـە پڕ بوو بۆ گـــوڵی ئینجــانەکـــەم

ئەو گـوڵەی ئاواتـی کـورد بوو بێتــە پشکووتن دەمێ
ڕایوشــێنێ بای شــەمــاڵی نـەرمی کـوردســتـانەکـەم

ئەو کـەســەی دەســتی ئەنایە بـین و قـوڕگی ئەو گـوڵە
چنگی خـــــوێنـاوی ئـەنـایە ناو دڵە پڕ ژانـەکـــــەم

ئێــمـــە ئارەق ڕشتن و بازوو وەشـــاندن، بێـــخـــەوی
ئەو گـڕ و پشکۆی ئـەخـسـتـە ژێر بنـی خـەرمـانەکـەم

ئێسـتـە وا خـۆی دائەنێ بۆتە فـریشـتـەی ئاسـمـان
بۆتـە دکــتــۆر و برینپــێــچی برینی گــیــانەکــەم

مـامــه کـرنـوو چی بلـێم زیاتر لەوەی خـاڵس ئەڵێ:
فێست و ڕێوی و مێزەر و مـەیموونە سـەیری بانەکەم

وەک وتم: ســـــەیرە لە بانە یا وەکـــــو نالی ئەڵێ:
زیندەگــیم تاڵە کــە زەڵکاو بێ تیــمــارخــانەکــەم

١٩٥٧ سلێمانی

## ڕەز

بەهـار ئەی مـــەی ئەڵوەن و ســـــادە
نـەتـدیوە پـەتـرۆی پـیـــــــاڵـەی بـادە

جـەسـتـەکـە شـەنگە، هەناسـە سـوارە
ســــــــەر وڕی لـەپـە، دڵ بـریـنـدارە

هەناســە ڕەشــە، هەست پلیـشــاوە
بـانگ لە بـەربـین و قــــوڕگـــا خنکاوە

پێـست بەسـەر ئێـسکا قـرچ هەڵگەڕاوە
لـەشـــــە، جـنـراوە، ســــەرە بڕاوە

لە کـوێیـە شـەراب لە کـوێیـە شـەراب
بۆ لـە ئێـمــە بوو بـە ڕێچکەی سـەراب

ئەبێ لە کـــوێ بێ بۆن و بـەرامـــەی
ئەو ڕەنگە ئاڵ و ئەو تفــتــە تامـــەی

ئەبێ لە کـوێ بێ درەوشــەی ســووری
ڕووناکی تیــشک و بڵــێــســە دووری

وا دیارە هەڵپــە و ئاوات و ئۆخـــەی
ئەبێ بیــەینە پەنا شــووشــەی مــەی

ئەی گــــەردن ڕەوان وێنەی نازداران
ساف هەر وەک نیگای چاوی خوماران

بێگەرد هەر وەکــو دەروونی مـــەردان
بێخەوش وەک گوڵی سای پەنا بەردان

لە کوێیە شەراب لە کوێیە شەراب
بۆ مەزەی، ئەوا، گیان بوو بە کەباب

وا دیارە هەڵپــە و ئاوات و ئۆخـــەی
ئەبێ ببــەینە پەنا کـــووپەی مـــەی

سەبوو ئەی کانگای بیری ئەفلاتوون
پیاڵە و شووشــە وا بوون بە هەپروون

وڕن هەروەکــو ئەســـتـــۆی نالەبار
خـــاشن بەوێنەی زنجـــیـــری زۆردار

ونــن بــە وێــنــەی تــۆزی بـــا بــردوو
تەفــــــرن بەوێنەی تۆزی با بردوو

له کوێیە شەراب ئەوا تاسەی مەی
هەست نقوم ئەکا وەک زەریای بێ پەی

ئەی داری مەمک پڕ لە شیلەی ئاڵ
کۆرپەی مێشکی برسی شیری تاڵ

گڕۆزە بۆ یەک مژ و یەک دڵۆپ
بۆ شەوی خەیاڵ ببێ بە گڵۆپ

ڕۆشن کا دنیای هەستی من هەر وەک
چرایە بۆ ناو بیرێکی نووتەک

ئای کێ بێ بانگ و هاوار و پەیام
بگەیەنێتە گوێ گۆڕی خەیام

بڵێ هەی سەر شێت کوشتەی گڕی تەڕ
گەرتێتا ماوە یەک تۆز نرخ و فەڕ

تۆ لەسەرباکەی شووشەکەی شکان
لەگەڵ خودادا کردت بە زۆران

هەڵسە بەرە و ئەم ناوە هەڵتووتێ
نەک شووشە شکا وا ڕەز ئەسووتێ

سروشت بە پێچە، خوار و چەپگەردە
لە جێیێ ئاو بێ، ڕەقەن و بەردە

لە جـــێـــیێ زەوی نـەرم و هەڵـۆڵ بـێ
ئـەبێ خـــورەی ئـاو تۆزی دەهـۆڵ بـێ

ئەگینا شـەراب لە مـامـۆسـتـای مـاف
بۆ ئـەگـەیشـتـە ئەوپەڕ قـووڵەی قـاف

قـاتی شـــەرابە گـیـانـی ئەفـلاتوون
سـەردەرکـە هەتا نەبووی بە مـەیموون

بەرەو مـەڵبـەنی کـوردسـتـان ڕەوتێ
نـەک کـووپە شکا وا ڕەز ئـەسـووتێ

١٩٦٢ سلێمانی

## سێبەری پەرت

گڕەی چلەکەی ئیمساڵ گەرم بوو
سکڵ باران بوو

بای باوەشێنی جاران نەرم بوو
شنە هێنان بوو

سێبەری خەستی ئارەق فڕین بوو
لەو شاخ و داخە

پشوو؛ ژێر گەڵای گڕە بەزێن بوو
لەو دۆڵ و باخە

هاوین تەرمەکەی ئەبرایە شوێنێ
ورشەی گەڵا بوو

سوپای تەوژم کە خۆی ئەبینێ
لە ژێر چڵا بوو

لە کوێ هەڵاتن ئەبوو بە باری
هەڕەتی گەرما

لەو ملە بەرزە نیشانە و ناوی
ئەکرا بە بەرما

سێبەر بۆ دڵێ بۆ هەناسەیە
کە خوێناوی بوو

بۆ ئاخو ئەشکێ، مەیلێ، تاسەیە
کە تەماوی بوو

لە کوێ دەست ئەکەوت لە کوێ ئەبینرا
لەو سنوورانە

بە چەپک لەوێ ئۆخەی ئەچنرا
لەو چنوورانە

ئاخ ملە ئامان شەماڵ و شنە
وا دۆش داماوم

هاره هاژەیە، کامیت لە کنە
بێنە بەرچاوم

تۆ پیرۆزەکەی شینی ئاسمانت
پەشێوە گیانم

تۆ کەفچەڕێنی ڕووەو دامانت
فریای ئامانم

بکەوە بە سۆز یا بە شمشاڵێ
گرەی دەروونم

لە گیان لە جەستە لە لەش داماڵێ
شای چەند و چوونم

وەڵام کوا، وەڵام لە کوێیە
بەشەو یا بە تاریکی

کێ برینپێچێ برینمی پێیە
ڕێی بە باریکی

هەردەیە، بەردە، جار چاڵ و چۆڵە
جارێ هەورازە

ئەم دەستم پیرە، ساوام لە کۆڵە
ئاواتم ڕازە

کێ ئەگاتە پاڵ جەستەی شکستەم
لەم ڕێگا کوورە

کێ لە گەڵمایە بۆم ئەڵێ بەستەم
لە مەرگ توورە

کێ لایە لە گڕ یا لە دووکەڵێ
سووک ئەکاتەوە

ئامان ئامانێ بۆ چارەم ئەڵێ
گیان بیباتەوە

کێ باوەش ئەکا بە سێ درنجا
بە شەوی باران

کێ دەرئەکێشێ ستەم لە بنجا
وەک دێوی جاران

کێ فوویەکی قووڵ ئەکا بە سنگما
هەناسەم سوارە

کێ باڵێ ئەکا بە باڵ و چنگما
سالم نە بارە

کێ دەست ئەکاتە گەردنی چیا
ڕەش هەڵگەڕاوە

کێ دەم ئەخاتە کانیاوی سیام
وەی تێرژاوە

کێ ئەگاتە پاڵ چاڵی ئاواتم
لەو وێرانەیە

هەست وەکو شاری چۆڵی نەهاتم
شانە شانەیە

فریام کەوە ئەی تروسکەی دووری
بەئاستەم دیار

بمگەیەنەرە گۆشە و سنووری
خەیاڵی هەوار

بمگەیەنەرە لێواری چیای
پێش خواردنەوە

بمبەرە لووتکەی سەرپۆپی سیای
بەرکردنەوە

با بڵێم هاوار بەروبوومەکەی
دارم وەریوە

لەو ڕێچکە بەرزەت چلە شوومەکەی
تێهەڵچەقیوە

**ئیتر ئەی نووکی قەڵەمی ڕاستی**
**دەسێ تێکۆشان**

**نۆرەی ئێمەیە بەستە لە ئاستێ**
**چووزەرەی ژیان**

**نۆرەی ئێمەیە بەکوردی دەنگێ**
**دەنگ بداتەوە**

**خونچەیە گوڵێ ئاوازی زەنگێ**
**خۆی بکاتەوە**

١٩٧٨ سلێمانی

سەرچاوە:

دیوانی شیعر، محەمەد ساڵح دیلان، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی: عەبدوڵڵا عەزیز خالید، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا، ساڵی ١٩٨٧.

(١) گوربە، ل:٨٥ تا ٨٧.

(٢) مامەکرنوو، ل: ٢٠٦ تا ٢٠٩.

(٣) ڕەز، ل: ٢٦٥ تا ٢٦٩.

(٤) سێبەری پەرت، ل: ٣٦٦ تا ٣٦٩.